ئاسۆ کەمال، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان:

پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان لە ئەولەوییەتی کارەکانماندایە

دیدار: سیروان ژاژڵەیی

*** هەنگاوەکانی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان چییە؟ بەرنامەکانتان چۆن ئامادەکردووە؟**

– لە سەرەتاوە لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە وەکو بڕیارنامەیەک کە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە دەرچووە، پێویستی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانی عێراق بەپێی هەلومەرجێکی ئێستای کوردستان خستووەتەڕوو، لەگەڵیشیدا بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی راسپاردووە کە دەستبکەن بە کار بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، ئەم پرۆسەیە بە تەنها لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا نییە بەڵکو لەناو هەموو ئەو بزووتنەوە چەپ و مارکسیانەیە کە لە کوردستاندا هەیە، بۆیە ئێمە وەکو یەکێک لە هەنگاوەکان پەیوەندیمان کردووە بە هەموو کەسایەتی و هەڵسوراوە کۆمۆنیست و چەپەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیەیان لەگەڵ باسبکەین و پێویستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانیان بۆ روونبکەینەوە، ئێستا خەریکی پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکارین بۆ دامەزراندنی حزب کە لە یەک دوو مانگی داهاتوودا کۆنگرەی خۆی دەبەستێت.

*** ئەو فاکتەرە سیاسییە چییە وایکرد حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دابمەزرێت؟**

– دوو هۆکار هەیە، یەکەم؛ بارودۆخی کوردستان بە تەواوەتی لە ١٦ ساڵی رابردوو تا ئێستا جیایە لە بارو ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە پێویستی بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان هەیە وەکو حزبێکی سەربەخۆو مامەڵەی ئەم دوو بەشەی عێراق و کوردستان وەکو دوو وڵاتی جیاواز بکەین.

دووەم؛ لە کوردستاندا ئێستا قەیرانێکی سیاسی لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە هەیە، چ لەلای ئیسلامیی سیاسی و چ لەلای ناسیۆنالیزمەکان، لە گوتاری سیاسیدا لە ١٦ ساڵی رابردوودا بۆ خەڵکی کوردستان روونبووبێتەوە کە حزبە دەسەڵاتدارەکان ئەمڕۆ وەکو دەسەڵاتی نامەدەنی لە کۆمەڵگای مەدەنییەوە دەڕۆنە پێشەوە، بەم پێیە ناکۆکییەک لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان و هەم دەسەڵاتە نامەدەنییەکە دروستبووە لە مەیدانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، ئایندەی سیاسیی کوردستان خراوەتە ناو بازنەی بەتاڵی فیدرالیزمی شکستخواردوو، کە ئەم ئایندەیە بە نادیاری ماوەتەوە لە عێراقدا، بۆیە خەڵک خوازیاری دیاریکردنی چارەنووسی کوردستانە، وەکو بیستومانە خەڵک خوازیاری ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانە.

لە باری نارەزایی و وەزعییەتی خەڵکەوە سەیردەکەین پێویستییە سەرەکییەکانی وەک کارەباو سووتەمەنی دابینەکراوەو ئیدارەیەکی گەندەڵ هەیە کە خەڵک نارەزایە پێی، لە باری فیکریشەوە ئەو ناسیۆنالیزمەی کە پێشتر دژی رژێم بووە ئێستا ناتوانێت وەڵامی نیازەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بداتەوە، سەیردەکەین فیکری عیلمانییەت و مۆدێرن چەند لەم کۆمەڵگایە رەخنەگرە، ئێستا سیستمی پیاوسالاری زاڵە کە ١٦ ساڵە هەزاران ژنی کردووەتە قوربانیی، کە ئەمەش ژنان و خەڵکی ئازادیخواز پێی نارازین، هەموو ئەم سیستمە پیشانیدەدات لەگەڵ ژیانی مەدەنیدا ناگونجێ و خەڵک بە تەجروبەیان لەگەڵ ئیسلامیی سیاسی دەیانەوێت سوود لە ئەزمەی دەسەڵاتی سیاسی وەربگرن، خەڵک بۆی تاقیبووەتەوە ئەوانە هەرچی زیاتر پێداویستییەکان و خواستەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەرەو دواوە دەبەن بە دیلی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی دەسەپێنن، بۆیە نارەزاییەکانی خەڵکو رەخنەی خەڵک لە دەسەڵات رووی لە چەپە، رووی لە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کوردستان بە بەشێک لەو ئەلتەرناتیڤە سیاسییە دەزانێت کە ئەمڕۆ بۆ کوردستان پێویستە.

*** ئێوە دەتانەوێت وەکو پارتێکی بەرهەڵستکار کاربکەن، لەم حاڵەدا پەیوەندیتان لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا چۆن دەبینن جگە لە یەکێتیی و پارتی؟**

– وەکو پارتێکی ئۆپۆزسیۆن و ئۆپۆزسیۆنێکی جەماوەری کە ئێستا هەیە کاردەکەین، دەمانەوێت ئەو فشارە بکەین بە دەلیلی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ دەسەڵاتەکە کە بتوانێت دەسەڵاتێکی مەدەنی لە جێگای نامەدەنی و عەشیرەتی میلیشیای دابمەزرێنێت، بتوانێت سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەت بە زووترین کات رابگەیەنێت، ئەو خواستانەی حزبەکانی دیکە هەیانە جگە لە یەکێتیی و پارتی چەند دوورو نزیک بن لەو خواستانەی خەڵکی کوردستانەوە لە پێکهاتنی دەسەڵاتی مەدەنی و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیا و عەشیرایەتی، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستاندا چەند لەو خواستانە نزیکبن، ئەمە پێوەری پەیوەندییەکانی ئێمەیە لەگەڵ ئەو حزبانەی ئێستا لە ئۆپۆزسیۆندا هەن.

*** لە بەرنامەی نوێی حزبدا ئەوە هاتووە کە داوای سەربەخۆیی کوردستان و جیاکردنەوەی لە عێراق بکات؟**

– بەڵێ، هیچ ئاڵوگۆڕێک لە وەزعییەتی ئێستای کوردستاندا چاوەڕوان ناکرێت، هەر ئەوەشە کە دەسەڵاتی میلیشیا و عەشیرەتی هێشتووەتەوە، بۆیە خاڵی ستراتیژی سەرەکی لە بەرنامەی سیاسی ئێمەدا پێویستە دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێت و دەسەڵاتی مەدەنی دابنرێت.

*** ئەو ئامادەکارییانە چین کە بۆ دامەزراندنی حزبی نوێی کۆمۆنیستی کراون؟**

– سەرقاڵی ئەوەین بەرنامەی سیاسی خۆمان بە خەڵک بناسێنین و کارەکانی ئێمە وەکو حزبێکی سیاسی و مۆدێرن کە ئازادیی بیروباوەڕی تێدا هەیە و مەودایەکی فراوانی هەیە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ بەرنامەی سیاسی ئێمەدا بگونجێت، بناسێنین. مەرجیش نییە تەنها ئەو کەسانە بێت لە باری ئایدۆلۆژی لەگەڵ ئێمەدا بێت، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەم بەرنامەیەی ئێمەدان کە بریتییە لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆو نەهێشتنی گەندەڵی و یەکسانیی ژن و پیاو، هەر کەسێک بیەوێت لەم بارەیەوە کاربکات ئێمە دەرگامان والایە.

*** ئامادەکارییەکانتان گەیشتووەتە کوێ و لە چ قۆناغێکی دروستبووندان؟**

– خەریکین لە یەک دوو مانگی داهاتوودا هەموو ئەو پێویستییە سیاسییانە کە پێویستە بۆ دامەزراندنی حزب کە تەواوبوو بە زوورترین کات دایدەمەزرێنین، ئەو هەنگاوە سیاسییانەی کە رێکخراوەکەمان وەک گرتنی کۆڕو دیدارو دەرکردنی بەیاننامە، هەوڵدەدەین کۆنگرەیەک ببەستین تاوەکو بە رەسمی حزب رابگەیەنین.

*** بە بڕوای ئێوە ئێستا زەمینە لەبارە بۆ تەشکیلکردنی حزبی نوێ لە کوردستاندا؟**

– بەپێی ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە ئێستا حزبە ناسیۆنالیزم و ئیسلامییەکان تێیدان و مەسەلەکانی بزووتنەوەی نارەزایی خەڵکو بێکاری و توندوتیژیی دژی ژنان لە ئارادایە، زەمینە گونجاوە بۆ دامەزراندنی حزبێک بە بەرنامەکەی ئێمە، پێش کۆتای ٢٠٠٧ حزب رادەگەیەنرێت.

ئاسۆ کەمال، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٥ لە سلێمانی لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لە هەندەسەی میکانیک هەیە، سەرنووسەری گۆڤاری ریفراندۆمە لە لەندەن. سەبارەت بەو حزبەو ئامانجو میکانیزمەکانی کارکردنیان، رۆژنامە ئەم دیدارەی لەگەڵدا ئەنجامداوە.

بەڕێوەبەری ناوەندی راگەیاندنی عێراقی لە واشنتۆن:

بایەخدانی راگەیاندنی عەرەبی بە دۆزی کوردی لاوەکی بووە

دیدار: ئازاد عوسمان

*** راگەیاندنی کوردی تا چەند سەرکەوتوو بووەلەگەیاندنی مەسەلەو کارەساتەکانی گەلی کوردستان بە شەقامی عەرەبی، ئایا بۆ خۆت وەک نووسەرێک چ سوودێکت لە راگەیاندنی کوردی بینیوە بۆ ئاشنابوون بە ئازارەکانی ئەم میللەتە؟**

– پێموایە راگەیاندنی کوردی زۆر سەرکەوتوو بووە لە گەیاندنی ناوەڕۆکی پەیامی گەلی کوردستان بۆ کەسێک کە بیەوێت زانیاریی لەسەری هەبێت، بەڵام کێشەکە لەلای شەقامی عەرەبییە، مەبەستم رژێم و سوپای رۆشنبیران و راگەیانکارەکانی پەیوەست بەوانە کە بڕیاریانداوە هەقیقەتەکە نەزانن بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتییەکەی نەگرنەئەستۆ.

بەداخەوە دەیلێم، شەقامی عەرەبی رەگەزپەرستەو مونسیف نەبووە بەرامبەر دۆزی کورد، زۆر رەگەزپەرستانەو بەشێوەیەکی زۆر خۆبەزلزانانە کە بێوێنەیە، مامەڵەی لەگەڵ غەیرە عەرەب کردووە.

لە بەرامبەردا هەندێک نووسەرو راگەیانکاری رۆشنگەری عەرەب هەن کە بە ئینسافەوە لەسەر کوردیان نووسیوە وەک ئەوەی لەسەر گەلەکەی خۆیان بنووسن، ئەمانە بە پێچەوانەی شەپۆلی رژێم و بووقەکانیانەوە مەلەدەکەن، چونکە ئەوان لە سۆنگەی لایەنی مرۆیی و چارەنووس و ئامانجی هاوبەشەوەئەو کارە دەکەن و باوەڕیان بە هاوبەشی راستەقینەی هەموو پێکهاتەکانی نیشتیمانی عەرەبی هەیە بە جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە باوەڕیان کە داننان بە فرەیی نەتەوەیی بە پێویست و فەخرو خاڵی بەهێزیش دەزانن، ئەمەش بە پێچەوانەی نەتەوەپەرستانی عەرەبەوەیە کە جگە لە عەرەب مافی بەشداریکردنی سیاسی و ژیانی گشتی بە کەس رەوا نابینن، بەو هۆیەی گوایە هاوولاتیی پلە دوون هەروەک چۆن ژێمی گۆڕبەگۆڕی سەدام وایدەبینی.

بۆ خۆم، جگە لە عێراق ئینتیمام بۆ هیچ مەسەلەیەکی دیکە نییە و جیاوازیی لەنێوان عەرەب و کوردو تورکمان و کلدۆ- ئاشوورو پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگای عێراقی ناکەم، کە باسی عێراق دەکەم باسی هەریەکێک لەو پێکهاتانە دەکەم و فەزڵی هیچ کەسێک بەسەر کەسی دیکەدا نادەم بە هۆکاری نەتەوەی و ئایینی و مەزهەبی، بەڵکو بە کارو ئەزموون، بەتایبەت کە من بەهۆی خوێندنم لە زانکۆی سلێمانی کە لەوکاتەدا کوردستان ببووە ناوچەیەکی ئارامی بزاڤە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق، لە گەلی کوردستان و ئازارەکانی نزیکبووم و رادەی نەبەردی و فیداکاریی ئەم نەتەوەیەم بۆ دەرکەوت، هەربۆیە کاتێک لەسەر کورد دەنووسم وەک ئەوەیە لەسەر هەموو گەلی عێراق بنووسم.

*** پێتوایە راگەیاندنی کوردی سەرکەوتوو بووە لە گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بە عەرەب؟ بە رای تۆ چی لە ئەستۆی راگەیاندنی کوردیدایە کە ئەنجامی بدات بە مەبەستی نزیکبوونەوەی زیاتر لە ناوەندی عەرەبی؟**

– پێموایە راگەیاندنی کوردی ئەوەی کە لەسەر شانێتی بە ئەنجامی گەیاندووەو دەمێنێتەوە شەقامی عەرەبیش هەنگاوبهاوێت بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە دۆزی گەلی کوردو بە باشی لێی تێبگات، یان با بڵیین بە باشی و وردی تێیبگات.

کە ئەمە کرا، پاشخانێکی رۆشنبیری و راگەیاندن و سیاسی دروستدەبێت لە رێگەی تێگەیشتنێکی تازە سەبارەت بە گەلی کورد کە بەشێکی گرنگی نیشتیمانی عەرەبی پێکدێنێت (مەبەستم کوردستانی عێراقە)، کە زۆری ئازار چەشتووەو قوربانیی زۆریشی داوە لە رووبەڕووبوونەوەی رژێمی سەرکوتکەری پێشوو کە لەسەر دەستی ئەودا تووشی قڕکردنی بەکۆمەڵ و لێدان بە چەکی کیمیاوی و سیاسەتی زەوی سووتاو (الارض المحروقة) و پاکتاوی نەژادی هات.

*** بەڵام لە بەرامبەردا، ئایا تا چەند راگەیاندنی عەرەبی گرنگی بە کوردو دۆزەکەی داوە، هەروەها سروشتی ئەم گرنگیپێدانە چییەو چۆنە؟**

– بەداخەوە بایەخدانی راگەیاندنی عەرەبی بە دۆزی کورد لاوەکی بووە، ئەمە وایکردووە زۆرکات کورد تووشی داڕووخان بکات، ئەوان (مەبەستم کوردە) وایدەبینن ئەوەی کە لەگەڵیدا ژیاون و لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری بوون (مەبەستم عەرەبە) ئێستا گوێیان پێنادات، بەڵکو بە ئەنقەست زۆرکات قسەکانی رژێمی بەعس دووپاتدەکەنەوەو تۆمەتباریان دەکەن و بە دوژمنیان لە قەڵەمدەدەن و لە باشترین حاڵیشدا پشتگوێیان دەخەن. ئەم هەڵوێستەی راگەیاندنی عەرەبی لە کاتێکدایە کە کوردو سەرکردەکانی هەوڵی زۆریان داوە لە بواری سیاسی و دیبلۆماسی و رۆشنبیرییدا بۆ نزیکبوونەوە لە ناوەندی عەرەبی، پێموانییە کەس هەوڵەکانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی لەبیربکات کە لەژێر رۆشنایی فەرمانی نەمر مەلا مستەفای بارزانی پێیهەستاو تێیدا دیدارێکی مێژوویی لەگەڵ عەبدولناسردا ئەنجامدا.

جگە لەمەش، رۆشنبیرانی کورد بە سوپاسەوە هەوڵی زۆریانداوە بۆ لێکنزیکردنەوەی هەردوو مەیدانی عەرەبی و کوردی، ئەویش بە ئەنجامدانی کۆری رۆشنبیریی هاوبەش لە زۆرێک لە پایەتەختەکانی جیهان ئەگەر بارودۆخ هاوکاریان بووبێت و قاهیرەش لە سەرەوەی ئەو پایتەختانە دێت.

پێویستە راگەیاندنی عەرەبی هەقیقەتێک بزانێت، ئەویش ئەوەیە گرنگیدان بە دۆزی گەلی کوردستان و هاوکاریکردنی لە مەسەلە نیشتیمانییەکانی، گرنگیدان و هاوکاریکردنی دۆزەکانی عەرەب و موسوڵمانانە، چونکە کورد خزمەتی مەزنیان بە عەرەب و موسوڵمانان کردووە لە بواری فیقهو زانستە ئایینییەکان یاخود زمان و ئەدەب و شیعرو پەخشان و چیرۆک و رۆمان و هی دیکە، یان لە بواری فەلسەفەو تەسەوف، یاخود هونەر، یان بواری سیاسی و سەربازی، کە دەبێت تاهەتایە سوپاسگوزاریان بن.

هەروەک گرنگیدان بە دۆزەکانی گەلی کورد گرنگیدانە بە عێراق، چونکە گەلی کورد بەشێکی دانەبڕاوەیە لە عێراق و هەر کەمتەرخەمییەک لە راگەیاندنی عەرەبی بەرامبەر بە کورد یان پشتگوێخستن یان تانەدان لە وەلائاتەکانی، بە مانای تانەدان لە عێراق و گەلەکەی لێکدەدرێتەوە.

نزار حەیدەر، نووسەرو رۆشنبیری عێراقی، بەڕێوەبەری ناوەندی راگەیاندنی عێراقییە لە واشنتۆن، لە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری کەربەلا لەدایکبووە، یەکێکە لەو کەسانەی بە تێکۆشانی سیاسی و رۆژنامەوانی دژ بە رژێمی پێشوو وەستاوەتەوە. سەبارەت بە رۆڵی راگەیاندنی کوردی و رادەی سەرکەوتنی لە گەیاندنی دۆزی نەتەوەکەی بە عەرەب و ئاستەنگەکانی ئەو بوارە، رۆژنامە ئەم دیدارەی لەگەڵدا